## فەتواکانی لێژنەی باڵای
## فەتوای کوردستان

# بڕی زەکات و
# سەرفیترەو فیدیە

2017

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحیم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

(( دیاری کردنی بری زەکات و سەرفیترە و فیدیە ))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ....فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

لێژنەی بالأی فتوا لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٤ی رەمەزانی ١٤٣٨ کۆچی بەرامبەر ٢٠١٧/٥/٣٠ کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی دیاری کردنی بڕی سەرفیترە و فیدیە و زەکات بۆ ساڵی ٢٠١٧ ی زاینی، دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەم بارەوە و ڕاوێژ لە گەڵ کەسانی پسپۆر لە کاری بازار و فرۆشتنی دانەوێلە ......... هتد گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە :

١- زەکاتی فیتر ( سەرفیترە ) لە ساڵی دووەمی کۆچی وەك فەرمانێکی دیاریکراو واجب کرا لە سەر موسڵمانان ، و هەر لەم ساڵەشدا رۆژی رەمەزانیش واجب بوو، عبداللە کوری عومەر ( خوایان لێ رازی بێت ) ئەفەرموێ: ( فرض رسول الله زكاة الفطر صاعاً من تمرٍ أو صاعاً من شعيرٍ على العبد والحُرّ والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين وأمر بها أن تؤدي قبل خروج الناس الى الصلاة ) رواه البخاري برقم ١٠٥٣، ومسلم برقم ٩٤٨) .

٢- هەر موسلمانێك دارایی ئەوەندە هەبێت کە زیاد بێت لە پێداویستی خۆیی و ئەوانەی بژێو و خەرجیان لە سەرە، ئەوە لە ماوەی شەو و رۆژی جەژندا پێویستە سەرفیترە بدات هی خۆیی و ئەوانەش کە خەرجیان دەکات.

٣- دروستە لە رۆژانی مانگی رەمەزانی پیرۆز زەکاتی سەر فیترە دەر بکات،بەلام نابێت بخرێتە دوایی نوێژی جەژن،چونکە لە شەوی جەژن واجب دەبێت، پێشەوا شافعی (رحمه الله) بەلایەوە دروستە هەر لەسەرەتای مانگی رەمەزانەوە بدرێت و کێشە نیە، باشترین کاتیش لە دوایی پازدەی رەمەزانە چونکە فەرمودەی( أغنوهم عن الطواف يوم العيد) رواه البيهقي في السنن الكبرى برقم ٧٩٩٠)، بەڵگەیەکە بە تەنها شەوی جەژن ناکرێت ئەبێت چەند رۆژێك پێش جەژن بێت .

٤- سەرفیترە لە چی بدرێت ؟ جەماوەری زانایان ( مالکی ، شافعی ، حەنبەلییەکان ) ڕایان وایە ئەبێت قوت بێت واتە گەنم و دانەوێلە، بەڵام بەلای پێشەوا ئەبو حەنیفە و هاوەڵانی و(متأخرين) ی زانایانی شافیعی و هەروەها عومەری کوری خەتتاب و سوفیانی سەوری و حەسەنی بەسری و عومەری کوری عبدالعزیز و ئیمامی بوخاری دروستە لە جیاتی قوت نرخەکەی بدرێت،واتە: پارە بێت، کەوا بوو ئەصل قوتە(گەنم و جۆ و دانەوێلە) لە روانگەی فەرمودەکەوە، بەلام زانایان فەرمویانە( يجوز أنْ يعدل عنه الى إخراج القيمة لضرورة أو حاجة أو مصلحة راجحة فيجزي حينئذ) دروستە لە جیاتی قوت پارە بدرێت لەکاتی پێویستی و بەرژەوەندی هەژاران، جا بە هۆی ئەوەی بار وگوزەرانی خەلك زۆر گۆرانکاری بە سەردا هاتووە خەلکی هەژارو دەست کورت لە رۆژگاری ئەمرۆماندا وەکو پێویست سود مەند نابن لەم جۆرە خواردەمەنیانە کە لە دەقی فەرمودەکەدا هاتووە، هەروەها

ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

مەبەستی شەرعی لە دانانی ئەم فەریزەیە بە دەرکردنی خواردەمەنی نایەتەدی، هەربۆیە :

لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان بە موسوڵمانانی خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێ کە دروستە زەکاتی سەرفیترەکانیان بە پارە بدەن بە هەزاران لە بڕی دانەوێڵەکان بێ هیچ گومان و دوو دڵیەك ،کەوا بوو هەموو تاکێکی موسوڵمان ئازادە لە وەی گەنم و دانەوێڵە دەدات لە جیاتی سەرفیترە یا پارە لەسەر ڕای ئیمام ئەبوو حەنیفە بەبێ هیچ کێشەیەکی شەرعی، بۆ ئەوەش ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ فەتوای ژمارە ٩ لە٢٠١٧ بەرواری ٧ ی شعبان ١٤٣٨ی ٢٠١٧/٥/٣ زاینی دەربارەی حوکمی زەکاتی سەفیترە بە پارە.

٥- چەند بدرێت بۆ سەرفیترە: ئەوەی گەنم یا جۆ یا برنج ئەدات واتە( قوت)، ئەندازەی واجبی سەرفیترە بۆ هەر مرۆڤێك گەورە یا بچوك پیاو یا ئافرەت یەك صاعە لە قوتی غالبی ئەو شوێنەی سەرفیترەی تێدا واجب بوە، کێشی یەك صاع دەکاتە نزیکەی ٢٥٠٠ گرام دووکیلۆو پێنجسەد گرام، ئەویشی پارە بدات : بۆ هەر کەسێك ٣٠٠٠ سێ هەزار دیناری عێراقی .

٦- فیدیەی ڕەمەزان : ئەوەی فیدیەی کەوتۆتە سەر ئیتر بە هۆکاری پیری یا نەخۆشی یاخود سکپڕی و شیردان وەیا هەر عوزرێکی شەرعی، دەتوانی فیدیەی بدات، بۆ هەر ڕۆژەك شەش سەد گرام لە برنج یا گەنم هتد، واتە: بۆ هەموو مانگەکە ١٨ کیلۆیە، بەلام ئەوەی پارە ئەدات ئەوا بەپێی مەزهەبی ئیمامی حەنەفی ( فیدیە و کفارە) وەك یەك وایە ، بۆیە بۆ هەر ڕۆژێك ٣٠٠٠ سێ هەزار دینارە وەك سەرفیترە، وە بۆ تەواوی مانگی ڕەمەزان ٩٠٠٠٠ نەوەت هەزارە دینارە.

٧- بڕی ئەندازەی زەکات : دیارە پارە تەخمین ئەکرێت بە ئالتون و زیو ، واتە: ئەو برە پارەیە بە ئەندازەی بیست میسقال ئالتون، یا دووسەد دیرهەم زیو بو زەکاتی تیاواجب ئەبێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا (زیو) وەکو عوملەیەکی ڕەسمی مامەلەی پێوە ناکرێت، زیاتر هەر ئالتون کە عوملەیەکی ڕەسمی و نێودەولەتی یە، بۆیە لیژنەی باڵای فەتوا لە ئیستادا پارەکە تەخمین ئەکات بە ئالتون، وە بڕی ئەندازەی زەکات بە پارە ٤,٥٠٠,٠٠٠ چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار مەزندە دەکرێت.

واتە : هەر هاولاتیەك ئەم برە پارەیەی هەبێت و ساڵی بەسەردا سورابێتەوە ئەوا پێویستە لە هەر ملیۆنێك بڕی بیست و پێنج هەزار دینار زەکات بدات.

٨- سەبارەت بەو هاولاتیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژین، ئەوا لەو ولاتە بڕی چەندیان دیاری کرد بۆ سەرفیترە ئەبێت ئەو ئەندازەیە بدات، وە دەتوانێت لەکوردستانیش وەکیل بگرێت بەپێ ی ئەو بڕەی کە لەو ولاتەی تێیدا ئەژیت بۆی بدەن، وە ئەگەر لە ولاتێك دەژیا بڕی سەرفیترە لەو ولاتە دیاری نەکرا بو وەیا نەیئەزانی، ئەوا دەتوانێت بۆ هەر نەفەرێك لە ١٠٠٠٠ دیناری عیراقی کەمتر نەبیت بدات .. ... واللە سبحانە وتعالی أعلم

**لیژنەی باڵای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

**هەولێر: ٢٠١٧/٥/٣٠ زاینی – ٤ / ڕەمەزانی ١٤٣٨ کۆچی**



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org